# ڕۆمانێك لە بارەی ئیبن عەرەبی دەكرێتە كوردی




■ ئا: سیروان عەباس

ڕۆمانی مەرگێکی بچووک-ی ڕۆماننووسی سعودی محەممەد حەسەن عەلوان، وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی.

مەرگێکی بچووک لەلایەن نووسەر حەیدەر عەبدوڵڵا-وە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. وەرگێڕ بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: "ئەم ڕۆمانە لەبارەی ژیانی کبریتی سوور، مامۆستای عاریفان ئیبن عەرەبی نووسراوە کە لە سەردەمی خۆیدا تووشی چەندین کێشە بووە سەبارەت بە خوداپەرستی".

ڕۆمانەکە لە 116 هەزار وشە پێکهاتووە و ناوەندی ئاوێر ئەرکی چاپکردنی گرتبووە ئەستۆ.

مەرگێکی بچووک ساڵی 2016 لە (دارالساقی) چاپ بووە، ساڵی 2017 خەلاتی مان بووکەری عەرەبی وەرگرت و بەباشترین ڕۆمان ناسێنرا، تاوەکو ئێستا 10 جار چاپکراوەتەوە.

حەیدەر عەبدوڵڵا شێخ وەسانی، ساڵی 1983 لە شاری هەولێر لەدایکبووە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیە و ئێستا مامۆستای زمانی عەرەبییە، تاوەکو ئێستا شەش کتێبی نووسیوە و بڵاوکردووەتەوە.

# كتێبێك لەبارەی شێركۆ بێكەسەوە

■ ئا: سیروان عەباس

نووسەر و ڕووناکبیر زیرەک کەمال، کتێبی "شێرکۆ بێکەس ناتوانێ بمرێ"ی تەواوکردووە و بەمزووانە چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.

زیرەک کەمال، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کتێبەکە ژمارەیەک وتاری نووسەرە دیارەکانی عەرەب و کوردە سەبارەت بە شێرکۆ بێکەس، هەروەها توێژینەوەیەکی خۆم لەسەر شیعرەکانی و گوتاری ئەو کاتەشی نێچیرڤان بارزانی تێدایە کە بڕیاری هێنانەوەی تەرمەکەی لە سوێدەوە بۆ کوردستان دا.

زیرەک کەمال دەڵێت: "کتێبەکە زیاتر لە 10هەزار وشەیە و 1000 دانەی لەسەر ئەرکی خۆم لێ چاپ دەکەم و بەسەر خوێنەر و کتێبخانەکانیدا دابەشی دەکەم".

شێرکۆ بێکەس، کوڕی شاعیری ناوداری کورد فایەق بێکەسە، لە ئایاری 1940 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، لە مانگی ئابی 2013 لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، بەهۆی شێرپەنجەوە کۆچی دواییکرد. شێرکۆ بێکەس کە لە ساڵەکانی 1987 تاوەکو 1992 لە سوید ژیاوە، بە یەکێک لە شاعیرە نوێخوازەکانی کورد دادەنرێت و خاوەنی چەندین نامیلکە و دیوانی شیعرییە و زۆر لە شیعرەکانی بۆ چەندین زمانی جیهانی وەرگێڕدراون. شێرکۆ بێکەس لە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیری ڕۆشنبیری بوو. لە ساڵی 1998 بە یارمەتی کۆمەڵێ کەس و هاوڕێکانی "دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم"ی دامەزراند.





# یاسین عومەر ڕۆمانێك بۆ گەنجان دەنووسێ

■ ئا: سیروان عەباس

نووسەری گەنج یاسین عومەر، دەستنووسی ڕۆمانی " ئیتر ئەستێرەکان گۆرانی ناڵێن"ی تەواو کردووە و لە داهاتوودا چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.

یاسین عومەر بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: ڕۆمانی (ئیتر ئەستێرەکان گۆرانی ناڵێن)، باس لە هاوڕێیەتی دەکات و بۆ ئەو کەسانەم نووسیوە کە لە سەرەتای گەنجێتیدان". چونکە وەک یاسین عومەر دەڵێت: "نووسەرانی کورد بۆ ئەو تەمەنە نانووسن".

ڕۆمانەکە چیرۆکی هاوڕێیەتی دەگێڕێتەوە و باس لە چەمکی هاوڕێیەتی دەکات، باس لەوە دەکات چۆن هاوڕێکان قوربانی بە حەزەکانیان دەدەن و متمانە بە یەکدی دەکەن، یاسین عومەر دەشڵێت: "چیرۆکەکان وابەستەن بە ژیانی کەسیی خۆمەوە، بەڵام فانتازیایەکی زۆرم تێکەڵ بە چیرۆکەکان کردووە".

یاسین عومەر، نووسەر و میدیاکار، ساڵی 1980 لە سیوەیلی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەدایکبووە، بڕوانامەی ماستەری لە کۆمەڵناسیدا بەدەستهێناوە و یەکەم کتێبی دیوانێکی شیعری بووە بە ناوی "تیانووسی پاشای هیچ".

# ڕۆمان لەبارەی ڕۆمانەوە

## (هەنار و فریشتەی مردن)ی عەتا محەممەد بە نموونە

◄ حەمە مەنتک



لە وتاری (میتاسەرهات چییە؟)دا بە وردی لەبارەی ئەم فۆرمە لە نووسینی دەقی گێڕانەوەیی پەیڤیوم. ئەو ناوانەی بۆ زاراوەی (Metafiction) لەناو نووسینی کوردی دانراون، کێماسییان تێدایە، چونکە ئەم زاراوەیە کە لە عەرەبیدا (میتاالروایە/ میتاالسرد) و لە فارسیدا (فراداستان) هاتووە، لە کوردیدا کراوە بە (میتارۆمان). بەڵام وەک لەو وتارەدا گوتوومە. میتافیکشن هەموو هونەرەکانی گێڕانەوە وەک: ڕۆمان، چیرۆک، کورتەچیرۆک...تاد دەگرێتەوە. ئەم فۆرمە لە نووسینی دەقی گێڕانەوەیی ئاراستەکردنی دەقە بەرەو خودی خۆی. واتە دەق ڕووبەڕووی فۆرم و شێوەی خۆی دەکەیەوە. دەمەوێ بڵێم دەقێک لە دژی دەقێکی دیکە دەنووسیت. کەواتە میتاسەرهات، نووسینی دەقی گێڕانەوەییە لەبارەی گێڕانەوە. بەڵام کاتێک ئەم چەمکە خورد دەکەینەوە، بەر فۆرمێکی میتاسەرهات، کە میتارۆمانە دەکەوین.

میتارۆمان هونەرێکە بۆ چۆنیەتی نووسینی ڕۆمان لەبارەی ڕۆمانەوە. بە واتایەکی دیکە ڕۆمان لەناو ڕۆمان. لەم فۆرمەدا ڕۆماننووس زەینی خوێنەر بۆ لای چۆنیەتی نووسینی ئەو ڕۆمانەی دەیخوێنێتەوە دەبات. بە ڕۆمان پێمان دەڵێت ئەو ڕۆمانە چۆن نووسراوە. لێرەداخوێنەر تەنیٰ ئەرکی خوێندنەوەی دەقەکەی نابێت، بەڵکو بەشدار دەبێت لە چۆنیەتی چنینی ڕووداو و داڕشتنی ڕۆمانەکەدا. ئامانجی ڕۆماننووس تێکشکاندنی بینای کرۆنۆلۆجی دەقەکەیە. بەوەی چیدیکە دەقی کرۆنۆلۆجی چێژی خوێندنەوەمان ناداتێ، خوێنەر دەیەوێ خۆیشی بەشداری لە داڕشتنی ڕۆمانەکەدا بکات.

ڕۆمانی (هەنار و فریشتەی مردن، ڕاپۆرتێک لەبارەی مەحوییەوە)ی (عەتا محەممەد) بە فۆرمی میتارۆمان نووسراوە. ڕۆمانێکە بە ڕووی خۆیدا دەکرێتەوە، ڕۆمانێکە لەبارەی ڕۆمانەکە خۆی. ئەم ڕووبەڕووکردنەوەیەی ڕۆمان لەگەڵ خودی خۆی بە شێوەیەکی هوشیارانە و بە مەبەست دەکرێت، بۆ ئەوەی پێوەندی نێوان واقیع و خەیاڵ فراوانتر بکرێت. ئەم ڕۆمانە نیشانمان دەدات، چۆن وەگێڕ دەچێتە ناو ڕۆمانەکە، وەکو نووسەری ڕۆمانەکە. لەم ڕۆمانەدا دوو وەگێڕی سەرەکی هەن. وەگێڕێک بە کەسی سێیەمی تاک (نادیار) دەپەیڤێت و وەگێڕێکیش بریتییە لە (سەربەست). لەگەڵ ئەوەیشدا چەندین وەگێڕی دیکەی لاوەکیمان لەناو ڕۆمانەکەدا هەیە، وەک: هەنار، فریشتەی مردن...تاد. ئەوەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام لەم ڕۆمانەدا، هەر ناوێک، ئاماژە بە مرۆڤێک هاتبێت، ئەو کەسە چیرۆکێکی هەبووە و چیرۆکەکەی دەگێڕدرێتەوە. خوێنەر لەم ڕۆمانەدا هیچ چرکەیەکی بێ چیرۆکگێڕانەوە نییە. چەندین جاریش دەستاودەستکردنی گێڕانەوە لەنێوان دوو وەگێڕە سەرەکییەکە و وەگێڕە لاوەکییەکاندا ڕوودەدات.

وەگێڕی یەکەم کەسی سێیەمی تاک (نادیار) دەیەوێ باسی کەسێکمان بە ناوی (سەربەست) بۆ بکات. ئەم کارەکتەرە لە کافێیەک لە شاری ستۆکهۆڵم دانیشتووە و دەیەوی ڕۆمانێک بنووسێت. ئەو وەگێڕە، وەگێڕێکی هەمووشتزانە، چونکە ناوی هەر کەسێک بهێنێت، کە چاوی (سەربەست) دەیانبینێت، یان خۆی دەیبینێت، چیرۆکی ئەو کەسەیش دەگێڕێتەوە. بەڵام وەگێڕی دووەم (سەربەست) چیرۆکی گەڕانەوەی خۆی بۆ کوردستان و چۆنیەتی ناسینی (هەنار) دەگێڕێتەوە. لێرەدا ئەم وەگێڕە توانای گێڕانەوەی چیرۆکی کەسانی دیکەی نییە. ئەم وەگێڕە ڕێ بە کەسەکان دەدات، خۆیان چیرۆکی خۆیان بگێڕنەوە. کەواتە دوو چیرۆکمان هەیە. یەکیان وەگێڕێکی نادیار دەیەوێ چیرۆکی کەسێکمان بۆ بگێڕێتەوە کە ڕۆمانێک دەنووسێت، ئەویتریان چیرۆکی هەمان ئەو کەسەیە کە لە چیرۆکی یەکەم دەیەوێت ڕۆمانێک بنووسێت. ئەم دوو چیرۆکە هاوکات تەریب بە تەنیشت یەکدیدا دەگێڕدرێنەوە. ئەگەر خوێنەر خۆی بەشداری لە گێڕانەوە و داڕشتنی پلانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا نەکات، ئەوا وەک دوو ڕۆمانی سەربەخۆ دەیانبینێت. کەواتە ڕۆماننووس یەکەم شتێک ئەو سیستەمەی بەشبەشکردنی ڕۆمانی تێکشکاند. لەم ڕۆمانەدا سنوورێک لەنێوان دەق و بونیادی ڕۆمانەکەدا نییە، بەڵکو بە شێوەیەک تێکەڵاون، جوداکردنەوەیان سانا نییە. وەک چۆن دەقەکە (چیرۆکەکە) دەگێڕدرێتەوە، بە هەمان شێوە باسی پلان و بنیاتی ڕۆمانەکەیش دەکرێت. بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە بە ناوی (هێڵکارییەک بۆ نووسینی ڕۆمانێک)ە. ئەم بەشە داڕشتنی بنیاتی ڕۆمانەکەیە. لە ناونیشانەکەوە (هەنار و فریشتەی مردن) دەردەکەوێت کە چیرۆکێک بێت لەبارەی ئەم دوانەوە، بەڵام لە دەسپێکدا دەبینین چیرۆکی کەسانێک دەگێڕدرێنەوە کە لەولای کارەکتەر (سەربەست) لە کافێیەک دانیشتوون و یۆنانین. ئەمەیش نیشانەی ئەوەیە ڕۆماننووس هیچ سێنتەربوونێکی بۆ ڕۆمانەکە دانەناوە، چونکە ئەو ڕۆمانێک لەبارەی ڕۆمانێکی دیکەوە دەنووسێت. ئەم نەبوونی سێنتەرە وا دەکات، هیچ چیرۆکێک، هیچ کارەکتەرێک نەتوانێ ببێتە ناوەندی تێڕامانی خوێنەر. خوێنەر خۆی دەبێت لە زەینی خۆیدا هەموو ئەو چیرۆکانە، کارەکتەرانە بە یەکەوە ببەستێتەوە بۆ ئەوەی پلانی داڕشتنی ڕۆمانەکە کامڵ بێت.

ئەم ڕۆمانە لەڕێی تەکنیکی میتارۆمانەوە، پێوەندی نێوان واقیع و خەیاڵ دەگۆڕێت، بەوەی خوێنەر دەخاتە ناو گەمەی گێڕانەوە، بە ئامانجی ئەوەی گومانی لە کن دروست بکات. هاوکات ئەو بیرکردنەوەیەی بگۆڕێت کە هیچ ڕاستییەکی ڕووت و واتایەکی جێگر نییە. هەمیشە وەگێڕەکان فەزای ڕاڤەکانیان بە کراوەیی دەهێڵنەوە. فەزا بۆ هەموو کارەکتەرێک کراوەیە، هەر کەسە دەتوانێت چیرۆکی خۆی بگێڕێتەوە. لەم ڕۆمانەدا نێزیک بە بیست و یەک هوردە چیرۆک هەن. چیرۆکی: ڕیاز، ئەردانوس، تاسنیم، ئانا، ئەزهار، کچە دووڕەگەکە، کامەران، ژوان، برایم پاشا...تاد. هەموو ئەمانە چیرۆکی تایبەت بە خۆیان هەیە. دەبینین بە هۆی فرەیی و زۆریی چیرۆکەکان ناتوانین گێڕانەوەکە سنووردار بکەین. کەواتە دەتوانین ئەرکی ڕۆمان لەبارەی ڕۆمانەوە لەم ڕۆمانەدا لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیاری بکەین:

1. ڕۆماننووس خوێنەری خستووەتە ناو گەمەکردن بە توخمەکانی ڕۆمان. بۆ نموونە لەبارەی کارەکتەر و ناوەکانەوە، هەموو ناوێک چیرۆکێکی هەیە، خوێنەر هەست دەکات ئەویش چیرۆکێکە لەناو چیرۆکەکاندا.
2. وەگێڕەکان خودی خۆیان ئاشکرا دەکەن کە کێ ئەم ڕۆمانە دەگێڕێتەوە.
3. خوێنەر بە ئاشکرا لەناو ڕۆمانەکەدا خۆی دەبینێتەوە، بەمەیش ڕۆماننووس ناچارە چارەنووسی کارەکتەرەکان بگۆڕێت.
4. لە زۆر شوێن هەست بە قسەکردنی ڕۆماننووس لەبارەی چەمک و دیاردەکان دەکەین، بۆ نموونە چەمکی پەنابەری، کۆچکردن بۆ تاراوگە، شۆڕش، کۆمەڵی کوردی و...تاد.

ئەم ڕۆمانە وەکو ڕۆمانێکی میتارۆمانی، پێشتریش گوتم خوێنەر بەشدار دەکات. خوێنەر بەشدارییەکی ئاشکرای لە بەرهەمهێنانی واتادا هەیە. تەنانەت یەکێک لە خاسیەتەکانی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە ئەو هوشیارییە لە کن خوێنەر دروست دەکات کە ئەو بەشدارییەکی کارای هەیە. ئەوەیش دەسەلمێنێت، وەک (ئۆرلۆڤسکی) دەڵێت: خوێندنەوە، نەک نووسین کردەیەکی خەیاڵی و داهێنەرانەیە. ڕاستە بە ئاشکرا ڕوو لە خوێنەر نییە، بەڵام ئەو قەناعەتە لە کن خوێنەر دروست دەکات کە ئەویش بەشێکە لە چیرۆکەکان. لە سەرەتاوە پلانی داڕشتن و چۆنیەتی نووسینی ڕۆمانەکە بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات. خوێنەر لێرەدا ئەو بەرچاوڕوونیەی دەبێت ئەم ڕۆمانە چۆن بیر لە خۆی دەکاتەوە، یان دەیەوێ چۆن خۆی پیشان بدات.



# هێمن.. ناڵەیەك تێکەڵ بە نەی

◄ سەنگەر زراری



محەمەد ئەمینی شێخولئیسلامی موکری (1921-1986)، نووسەر و شاعیرێک بوو، لە چەند ڕوویەکەوە لە زۆربەی شاعیرانی دیکەی کورد جیاواز بوو، وەکو خۆی دەڵێت: شاعیرێتی هیچی پێ نەبەخشیبێ، ئەو ناوە درێژەی لەکۆڵ کردووەتەوە و کردوویەتی بە "هێمن".

هێمن، هەرچەندە ژیاننامەی خۆی بەتێروتەسەلی نەنووسیوەتەوە، بەڵام نووسینەکەی لەبارەی ژیانی بە ناونیشانی "لە کوێوە بۆ کوێ؟" کە ناگاتە شەست لاپەڕە، چەند لایەنێکی ژیانی ئەو دەردەخات.

ژنە پەروەردەکار و فەیلەسووفی ئیتاڵی ماریا مۆنتیسوری (1870-1952) دەڵێت: "گرنگترین قۆناغی ژیانی مرۆڤ، قۆناغی خوێندنی زانکۆ نییە، بەڵکو قۆناغی سەرەتای ژیانیەتی، کە لە لەدایکبوونییەوە تا تەمەنی شەش ساڵی دەخایەنێت". بێگومان گرنگیی ئەم قۆناغە بۆ منداڵ ئەوە نییە کە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و ناودار گەورە بێت، بەڵکو ئەوەیە پەروەردەیەکی دروست بکرێت و ئەوەی بۆ فەراهەم بکرێت کە منداڵێکی لەو تەمەنە پێویستیەتی.

پێچەوانەی زۆربەی شاعیرانی کورد، هێمن بە هەژاری و نەداری گەورە نەبووە، ئەو لە بنەماڵەیەکی خانەدان و شێخزادە لەدایک بووە و بنەماڵەکەیان دەوڵەمەند بووە، لە تەمەنی منداڵیدا لەڕووی ماددییەوە کێشەی نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بە تێڕوانین و خوێندنەوەی ژیاننامەی هێمن، لەوە تێدەگەین کە ئەو هەرگیز خۆزگەی بە منداڵی نەخواستووە، وەکو زۆر کەس ئەو خۆزگەیەیان هەیە، بۆ نموونە نووسەری ناوداری عەرەب جوبران خەلیل جوبران (1883-1931) دەیگوت: "خۆزگە هەر منداڵ بام و قەت گەورە نەبام، ئەوکات نە دووڕوو دەبووم و نە ڕقیشم لە کەس دەبووەوە"، بەڵام ئەم قسەیە بۆ هێمن ڕاست نییە، چونکە ئەو لەگەڵ ئەو دەوڵەمەندییەشدا، کێشەی لەگەڵ تەمەنی منداڵیی خۆیدا هەیە و قەت خۆزگەی بۆ ناخوازێت. تەنانەت دەیگوت: "ئێستاش کە وەبیرم دێتەوە کزەم لە جەرگی دێ و خەمێکی گران دامدەگرێ، کە من لە هەموو خۆشی سەردەمی منداڵی بێبەش بووم (بارگەی یاران- لە کوێوە بۆ کوێ؟)...ل13". کەواتە دەبێ ئەو ناخۆشییە چی بێ کە هێمن ڕووبەڕووی بووەتەوە و لە منداڵیی خۆی بێزارە؟!!

ڕاستە هێمن کێشەی دارایی نەبووە، بەڵام بەهۆی ئەو کولتوورەی کۆمەڵگای کوردی هەیەتی، زۆر چەپێنراوە و حەز و ئارەزووەکانی نەهێنراوەتە دی. بەبیانووی نەوەشێخی و خانەدانی، نەیانهێشتووە بەدڵی خۆی بجووڵێتەوە و یاری بکات و تێکەڵی منداڵە هەژارەکانی دیکە بێت، ویستوویانە هەر لە سەرەتاوە وەکو گەورەیەک هەڵسوکەوت بکات، بۆ ئەوەی گوایە ناوبانگی بنەماڵەکەی لەکەدار نەبێت، لە داهاتووشدا ببێتە کەسێکی خانەدان، یان ببێتە مەلایەکی ناودار، ئەمەش کاری لە دەروونی کردووە و لە بەرامبەردا وەکو بیرمەندی فەڵەستینی حوسێن بەرغوسی (1954-2002) دەڵێت: "منداڵ دەتوانێ چی بەرامبەر فەرمانی گەورەکان بکات بۆ پاراستنی دەروون و نەفسیەتی خۆی، جگە لەوەی بترسێ و ترسنۆک دەرچێ"، هێمنیش تەسلیم بەو دۆخە بووە و خۆی بە کۆیلەی ناو قەفەسی زێڕ دەچوێنێ، "بە منداڵی زۆر تێروتەسەل و کۆک و پۆشتە بووم، بەڵام کۆیلە و دیل بووم، کۆیلەی ناو قەفەزی زێڕ، کۆیلەی ڕێوشوێنی کۆن، ڕێوشوێنی بنەماڵەکەمان ئیجازەی نەدەدا من لەگەڵ هاوتەمەنەکانم گاڵتە و گەپ بکەم، چونکە من کوڕە دەوڵەمەند بووم و ئەوان کوڕە هەژار، من کوڕی شێخولئیسلامی بەناوبانگ بووم، ئەوان کوڕی لادێیەکی بێ ناونیشان، من بەرەوپشت ئەتڵەس بووم و ئەوان کەرەکرمانج، من کۆک و پۆشتە بووم و ئەوان ڕووت و ڕەجاڵ...ل13-12".

ئەو وەکو هەر منداڵێکی دیکە، زانیویەتی ناخ و دەروونی چی دەوێت: "چەندم پێخۆشبوو نە کەوای مەخمەر و تاقە و قوتنی و خەزەلم لەبەردا با، نە پانتۆڵی ئاڵمانی زەردم لەپێدابا، نە کاڵەی شەمامەبەندی (ئاوریشمچن)م لەپێدابا و نە شەدەی سەوزم لەسەر با و نە پشتێنی پەشمینەی کەسکم لە پشتدابا و وەک منداڵە ڕووتەڵانەکان ئازاد بام...ل13".

بەڵام عەقڵیەتی دواکەوتووی خێڵەکی کەی لەوە تێگەیشتووە کە منداڵ چی دەوێ و دەبێ چۆنی پەروەردە بکات؟! "ئاخ.. گەورەکانم تێنەدەگەیشتن من چەند پەرێشان و کەڵەلام، ئەوان نەیاندەزانی بەو کردەوەی خۆیان چۆن هەستی من بریندار دەکەن، برینێک کە دەبێتە گریمانەی ڕۆحی و تا مردن سارێژ نابێ...ل13".

دەروونناسان باس لەوە دەکەن کە ئەگەر کەسێک بە منداڵی چەپێنرا، هەوڵ دەدات لە تەمەنەکانی دواتردا بەپێی دەرفەت قەرەبووی ئەم تەمەنی منداڵییە بکاتەوە، بەمشێوەیە لە تەمەنەکانی دواتردا هێمنیش چۆن بۆی هەڵکەوتبێ، هەوڵی داوە قەرەبووی ئەم چەپاندنەی منداڵیی خۆی بکاتەوە. بۆیەش کاتێک بۆ خوێندن دەنێردرێتە خانەقا و چاودێریی بنەماڵەکەی لەسەر نییە، هەوڵ دەدات تۆڵەی بەشێکی منداڵییەکەی لەوێ بکاتەوە: "چوار ساڵ لە خانەقا خوێندم، یان باش ئەوەیە بڵێم نەمخوێند، بەڵام تۆڵەی کۆیلەیەتی ساوایەتیم ئەستاندەوە، لەگەڵ گەلێ خاڵۆزاکانم کە وەک بەرانی سوڵتان مەحموود بەرەڵڵا و تەرخان بوون و لە هیچ جێگایەک دەنگ نەدەدران و کەس بەرپەرچی نەدەدانەوە، گەلێکم بەدفڕی و بزۆزی و دەستبزێوی کرد...ل17-16".

خاڵێکی تری گرنگ لە ژیانی هێمندا ئەوەیە کە ئەو دوای گەورەبوونیشی ماڵ و سامان و دەوڵەمەندی و ژیانی خۆی بەلاوە گرنگ نەبووە و دەیکاتە قوربانی گەلەکەی، ئەمەش وەکو هەڵوێستێکی نەتەوەیی کە ڕەنگە ئەگەر ئەمەشی نەکردبا لەسەری نەکەوتبا، چونکە تەمەنی گەورە ببوو: "لە حاڵێکدا کە زۆر دەوڵەمەند و تێروپڕ بووم و ماڵ و دەوڵەتێکی زۆر لە پێویستی خۆم زیاترم هەبوو، پیر و کەنەفتیش ببووم و دەمەویست گۆشەگیری بکەم و لەناو ژن و منداڵی خۆمدا بحەسێمەوە، زوڵم و زۆری ڕێژیم نیسبەت بە گەلی کورد گەیشتە ڕادەیەک کە بۆ هیچ ئینسانێکی خاوەن شەرەف قبوڵ نەدەکرا (...) ناچار بە پیری سەری خۆم هەڵگرت و بە داری دەستی ڕووم لە وڵاتی غەریبایەتی کرد و دەستم لە ژن و منداڵ و کەسوکار و یار و دیار هەڵگرت...ل57". دوای ئەوە هێمن ئاوارە دەبێت و هەرچی هەیەتی لە دەستی دەدات: "ئێستا لە شارێکی دوور وڵات بە تاقی تەنێ لە ژوورێکی ڕەق و ڕووق دانیشتووم، هەموو سامانم تەختێک و دەستێک نوێن و دوو دەست بەرگی کۆن و نوێ و چەند کراسێکی چڵکن و چەمەدانێک و ساکێکی دەستی و چەند جڵد کتێب و کۆڵێک کاغەزی بڵاوە و ئەسپێ لە گیرفانمدا سەوزەڵەتان عەرز دەکا...ل58". ئەمەش وەکو پاڕانەوە و کڕووزانەوە ناڵێت و ئەوە دەسەلمێنێ کە کەسێکی پوولەکی نییە و داوای یارمەتی لە کەس ناکات: "بەڵام زگتان پێم نەسووتێ. ئەو ژیانەم بۆ خۆم هەڵبژاردووە،
دەنا دۆستی
وام هەن
ئەگەر حەز
بکەم،
پارووی لە زاری خۆیان دەردێنن و لە زاری منی دەنێن...ل58".

لەگەڵ هەموو ئەو هەژارکەوتن و ئاوارەیی و دوورکەوتنەوەیەی لە ماڵ و منداڵ و نیشتمان، هێشتا هێمن ئەمە ناکاتە منەت بەسەر میللەتەکەی و لە گەلەکەی ڕازییە: "بە پێچەوانەی زۆر هونەرمەندی کورد، من لە نەتەوەکەی خۆم ڕازیم. کەس تا ئێستا بێحورمەتی پێ نەکردووم، داوای دراو و ماڵیشم لە کەس نەکردووە تا بزانم دەمداتێ یا نا، لە لێقەومانیشدا نانیان داومەتێ و ڕایانگرتووم...ل58".

هێمن هەموو ئەوەی بەسەری دێت دەیخاتە ئەستۆی خۆی، نەک گەلەکەی، یان وەکو لە نامەیەکدا بۆ هەژاری هاوڕێی دەنووسێت: "کێ من و تۆی ناچار کرد ببینە شاعیر؟ خۆمان ئەوەمان بەخۆمان کردووە، باوکی من کەمی بۆ من بەجێهێشت؟ بۆ خۆم لە قوماری شیعردا دۆڕاندم...ل294". بە هەر جۆرێک بێت، هێمن یەکێکە لەو شاعیرانەی خاوەن هەڵوێست بووە و بەشێکی زۆری ماڵ و سەروەت و ژیانی خۆی کردووەتە قوربانی نەتەوەکەی، بێ ئەوەی منەتی بەسەردا بکات، بەجۆرێک وەکو خۆی دەڵێت، لە هەندێک سەردەمدا لە هەردوو حکوومەتی ئێرانی و عێراقی قاچاخ بووە و بە نهێنی ژیاوە.

هێمن، ناوی تەواوی سەید محەمەدئەمینی شێخولئیسلامی کوڕی سەید حەسەنی شێخولئیسلامی بووە، لە نەوەی زانای بەناوبانگی کورد (مەلا جامی چۆڕێ)یە، لە ساڵی (1921ز) لە گوندی (لاچین) لە نزیک سابڵاغ لەدایکبووە، لە حوجرە و لە قوتابخانەی میرییش خوێندوویەتی، لە سەردەمی لاویدا دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی (ژێکاف) بووە و لەگەڵ هەژار بە شاعیری کۆمار دەناسرێن، ماوەیەک ئاوارەی عێراق بووە و دواتر دوای شۆڕشی ئیسلامی دەگەڕێتەوە ئێران، لە ساڵی (1986) لە شاری ورمێ کۆچی دوایی کردووە.

*** بارگەی یاران (سەرجەمی شیعری هێمن)- بەسەرپەرشتی: بەدران ئەحمەد- عوسمان دەشتی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم (2003).**



# واقیعی کارەسات لە گێڕانەوەدا

عادل قادری



**لەم وتارەدا هەوڵ دراوە مانا و دەلالەتەکانی کارەسات بخرێتەڕوو، هەروەها توانست و هێزی گێڕانەوە (شیعری و چیرۆکی) لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کارەسات باس بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لە کورتە باسێکدا لەسەر رۆمانی ریالیستی و مانای چەمک و ئەمری ریال (واقیع) ، هەندێک تێڕامانی فەلسەفی لەسەر واقیع و هۆکاری سەرهەڵدانی رێبازە جۆراوجۆرە ئەدەبییەکان، خراونەتە روو کە دەریدەخات هەرکام لەم رێبازانە بە شێوازێک لە واقیع تێگەیشتوون و هەر ئەمەش وای کردووە ناوی جیاجیایان وەکوو ریالیزمی سۆسیالیستی، ریالیزمی جادوویی و... بەباڵادا ببڕێت، پێوەندیی ئەدەب لەگەڵ واقیع و گێڕانەوە ئەدەبییەکان لەسەر واقیع بە چەند نموونەی خێرای رۆمانی بیانی و بەرهەمی گێڕانەوەیی کوردی باس کراوە و مەبەستی کۆتاییش ئەوە بووە کە ئاڵۆزیی تێگەیشتن و فامی بابەتێک بەناوی واقیع کاتێک لەگەڵ کارەسات تێکەڵ دەبێت و دەبێت بە واقیع و رووداوێکی کارەساتاوی، باس بکەین و هەر بەم هۆیەشەوە ئەستەمبوونی گێڕانەوەکان بۆ تەعبیرکردن لە واقیع و رووداوە ورد و درشتەکانی ناو واقیعی کارەسات.**

**کلیل وشەکان:**
**واقیع (reality)،**
**واقیعخواز (realism)،**
**کارەسات (tragedy)،**
**زمان، وێنا (imagination)**

بێشەیەک شمشێر ئەجووڵێ و دێتە پێشێ/ گوناهە بەستەزمانەکان پۆلە باڵندەی وەریو بوون/ پۆلە هەوری رەنگ پەڕیو بوون خۆیان خزاندە باوەشی شمشێرەوە و بوون بە ترسێکی رواوی باخچەی بەهەشت/ بوون بە کەنیزەکی شەو و بوون بە غیلمانی یاوەران/ کوژانەوە دەستی پێکرد/ ....ئاوابوون بوو، توانەوە بوو، دابڕان بوو/ "ئەوەی بیستتان: ئەوە دەنگی جەستەی من بوو، ئەوە زریکەی مەمکم بوو، قیژەی بەژن و گەردنم بوو، ئەوە هاواری مەرگم بوو لەهەرەتی دارماندا/ ...ئەوەی بیستتان : دەنگدانەوەی خوێنی عوزر و دواچەخماخەی کچێنیم بوو/ من کچە چاوسەوزێکی میدیاییم، ناوم ناهیدە...1

ئەگەرچی دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی واقیعخواز (realism) بەشێوەیەکی رێژەیی دەگۆڕێت، بەڵام لە دواجاردا هەر دەگەین بەو ئەنجامە کە ئەدەب شکڵ و شێوازێکی دیار و کەویکراوی نییە و لە خانەی پێناسەیەکی دیاریکراودا جێگیر نابێت. بەداخەوە وا باو بووە کاتێک ئێمە باس لە ئەدەبی واقیعخواز دەکەین، ئیدی باقی رەوت و رێبازەکانی تری ئەدەب پێوەندییان لەگەڵ واقیع دابڕیوە و واقیع بەگرینگ نازانن. بەپێچەوانەی ئەم روانینە هەموو رەوت و رێباز و تێڕوانینە ئەدەبییەکان لەپێوەندی لەگەڵ واقیع (reality) دا مانا و شوێنگەیان دەستنیشان دەکرێت. واتە هەموو تێڕوانین و رەوتەکان لە سۆنگەی تەئویل و راڤەیان بۆ واقیع پێکهات و فۆرمی خۆیان دەستنیشان دەکەن، ئەو واقیعەی کە ستاندال لە رۆمانی"رەش و سوور" دا دەیگێڕێتەوە، بەر لە هەر شت راڤە و هەڵگۆستەیەکە بۆ خودی واقیعی سەردەم و رووداو و شۆڕش و ئاکارەکانی قۆناغەکانی ناو سەردەمەکەی، یان گوستاف فلۆبیر لە رۆمانی "مادام بۆڤاری" دا کە بەسەرهاتی خانمێک بەناوی ئیما دەگێڕێتەوە، رەوتی رووداوەکان و شوێن و دابونەریت هەموو لە بەستێنێکی واقیعیدا روودەدەن، بەڵام دواتر و لەکۆتایی رۆمانەکەدا کاتێک دەزانین کە ئیما بەهۆی شکستەکانی لە پەیوەندییە یەک لەدوای یەکەکانی، خۆکوژی دەکات، تێدەگەین کە وێنای فلۆبیر بۆ کارەکتەرێکی وەکوو بۆڤاری وێنایەک بووە لەسەر خوێندنەوە و هەڵگۆستەیەکی دیاریکراو لە واقیع. یان کۆمەڵە چیرۆکی پێکەنینی گەدای حەسەنی قزڵجی کە هەموو حیکایەت و بەشێک لەو خان و میر و کرێکار و... شتەی باسی دەکات زیندوو و واقیعی بوون، بەڵام شکڵی تێگەیشتن لە واقیع و ئاستی کارکردی هەر زمانێک فۆرم و شێوازێک لە واقیع شکڵ دەدات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە واقیع لە فەرەنسە و لای فلۆبیر شتێکە و لە کوردستان و لای قزڵجیش شتێکی دیکەیە با ئاست و ماهییەتی کارەکانی هەردووکیشیان بەتەواوەتی لێک جیاواز بن، بەڵام هەر کامە و بەپێی ئینتزاع و فامێک لە رووداو و راستییەکان لە بەستێنی ئەدەبی واقیعخوازدا دەرکەوتوون، واتە بەگشتی واقیع ئەو رووبەر و شتانەیە کە راڤە و تەئویلی زۆر هەڵدەگرن و ئەوەی ئێمە بەناوی ئەدەبی واقیعخواز دەیناسین، فام و وێنا (imagination) یەکە لە واقیع. ئەمەش ئێمە دەگەیەنێت بەو راستییە کە واقیع بابەت و ئەمرێکی رێژەییە. لەڕاستیدا سیحراویترین شت خودی واقیعە. ئەوەی کە ئێمە لەناو واقیعدا دەبین و دەژین و دەمرین واقیعی لە جەوهەرە حەقیقییەکەی دەرهێناوە و کردوویە بە وانموودە و دیاردەیەکی ناو خودی واقیع نەک حەقیقەتی واقیع. کاتێک ئێمە دەمانەوێ باسی شتێکی ناو دونیای واقیع بکەین، لەڕاستیدا باسی واقیع دەکەین بەپێی فام و تێگەی خۆمان تا ئەو شوێنەی لێمانەوە دیارە و لێی تێدەگەین و ناسیومانە، بۆ نموونە کاتێک ئێمە باڵندەیەک دەبینین کە هێواش هێواش خەریکە لەبەردەمماندا گیان دەدات، چەندە لەو باڵندەیە تێدەگەین؟ چەندە دەتوانین بۆ ساتێکیش باڵندە بین؟ بەوپێیەی ئێمە ناتوانین باڵندە بین و مرۆڤین، کەواتە بە میکانیزمێکی بنەمایی و جەوهەریی مرۆڤانە بەناوی زمان تەنها باس و رەوایەتی ئەو گیانەڵڵایەی باڵندە دەکەین، ئەمەش هەمان کێشەی "من ئەویدی نیم و ئەویدی من نییە"یە کە لە فۆرمێکی شوناستەوەردا رەوایەتی لێکراوە و دەشکرێت؛ کەواتە ئێمە واقیع تەئویل و تەفسیر و راڤە دەکەین، نە دەتوانین خودی واقیع بین و نە دەشتوانین تەعبیر لە هەموو رەهەند و لایەنە دیار و نادیارەکانی واقیع بکەین، چوون ئێمە لەناو واقیعین و بەشێکین لە واقیع و لە ئاوێنەی وانوێنراوەکانی واقیعدا دەژین. ئالێرەدایە کە رەسەنایەتی جەوهەری ئەدەب دەردەکەوێت و بەڕووی رووبەرێک لە ناکۆتادا دەڕوانێت و لەناو پانتاییەکی نادیاردا دەگێڕێتەوە. ئەگەر میشێل بوتۆر گوتەنی گێڕانەوە (recite) شێواز و فۆرمێک بێت لە ژیان، ئەوا زمان لە جەوهەردا تایبەتمەندییەکی رەوایەتی هەیە، بەم تێڕوانینە ئایا دەتوانین لە بابەتێک بەناوی واقیع قسە بکەین؟ دەتوانین بچینە قووڵاییەکانی شتەکانی ناو واقیع و بیانگێڕینەوە؟ ئایا شیعر و چیرۆک تا چەندە دەتوانن رووبەڕووی ئەو پانتاییە سامناکە ببنەوە؟

ئێمە تەنها ئامێرێک لە رووبەری نووسیندا کە بەدەستمانەوەیە زمان و سیحر و گەمە و ئەفسانە و ئەفسوونەکانیەتی. ئەگەر ئەو روانینەی لاکانمان لاپەسەند بێت کە ناوشیار بنەمایەکی زمانیی هەیە و زمانیش بنەوایەکی میتافۆریک و خوازەیی، ئەوا ئەو تاقەئامێرەی کە بەدەستمانە بۆ رەوایەت(زمان) بنەمایەکی دژەواقیع یان واقیعبێز و ناواقیعیی هەیە. واتە زمان خۆی لەناو واقیعێکی گەورەتر نییە. ئەوەیە کە لەباسکردنی جیهانی واقیع و جیهانی ناواقیعدا لەناو تۆپۆس و رووبەرێکی زمانیدا گیر دەخۆین و ئینتزاع (تیۆری و هزر) و گێڕانەوە (چیرۆک و...) دێتە کایەوە و ئالێرەشدایە کە بەشێوەی گشتی فەوزا و پشێوی شکڵ دەگرێت و تیۆری فەوزاش هەر لەنێوان دوو تاشەبەردی واقیع و ناواقیعدا چەکەرەی کردووە. ئەو دەڵێ هەر بیرۆکەیەک کاتێک بیرت لێکردەوە پێوەندی لەگەڵ واقیعدا چییە و چۆن دەچێتە بواری واقیع و پراکتیک، ئەوکات بەهەموو کامڵبوونی هەوڵەکانیشمانەوە دەرکەوتە و سیمایەک لە فەوزا بەدی دێت. تیۆری پشێوی یان فەوزا بەرلەوی دەلالەت بێت بۆ فەزایەکی شێواو و ئاشوفتە ئاماژەیە بۆ رەهەند بە ناوی وجوود و ئێمە تەنها دەتوانین لەناو ئەم زمانە خانەیەکی بچووک یان گەورەی وجوودی پێکبێنین. بەگشتی واقیع پێناسەی زۆرە و تێڕوانینی باوی فەلسەفیش ئەوەیە کە واقیعگەلمان هەیە نەک واقیعێکی تاقانە و دیار. لەم رووەشەوە هەر باڵێکی زانست بۆ خۆی کۆمەڵێک بنەما و توخمی داناوە کە واقیعی پێ پێناسە بکات و لەڕاستیشدا ئەمەی لە تێڕوانینە ئیپستیمۆلۆژییەکەیدا وەکوو گریمانە داناوە و دەشێت وەکوو گریمانەیەکی ناوشیاریش ئەمەی مەزندە کردبێت کە ئەم گریمانەیە ئەوەندەی راڤە و تەئویلێکە لە واقیع، هیچ کات خودی واقیع و جەوهەری واقیع نییە و لە بنەمادا شتێک بەناوی جەوهەری واقیع هەر بوونی و لایەنی بیکر و کەشفنەکراو لە جیهان... داکۆکییە لە کراوەیی و بزۆزییەک کە لە جیهاندا هەیە، ئەم حاڵەتە لەفۆرمی دوو چەمکی ئەدەبیـ فەلسەفی ئیمکان (possibili-ty) و گێڕانەوە (recite) دا دەردەکەون و لەناو زماندا خۆیان مانیفێست دەکەن و لێرەدا گێڕانەوە و ریوایەت یەکێکە لە کارکردە جەوهەری و بنەڕەتییەکانی زمان کە هەر لە دەقە ئاینییە کۆنەکانەوە بگرە تاکوو دەقە زانستییەکان و هەموو رووبەرەکانی ئەدەب لەخۆ دەگرێت.

بێگومان فۆرمی گێڕانەوەیی هەرکام لە شکڵ و شێوازەکانی گێڕانەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ نموونە گێڕانەوەی شیعری لەگەڵ گێڕانەوەی چیرۆکی جیاوازە ئەگەرچی خاوەنی تایبەتمەندی هاوبەشیش بن... بەڵام لە قۆناغێکدا ئەو هاوبەشێتییە بە پاڵپشتی داهێنانی ئەدەبی تێکدەئاڵێن و فۆرمێکی تری تازەی گێڕانەوە لەدایک دەبێت، بۆ نموونە هەر ئەم هاوبەشێتییە وای کردووە شێوازێکی لێکدراو و تێکەڵ لەگێڕانەوەی چیرۆکی و شیعری بەنێوی رۆمانەـ شیعر لەسەردەستی شێرکۆ بێکەس لەدایک بێت هەروەکوو لەو بەشە کورتەی ئافات بینیمان و نموونەم لێ هێناوەتەوە. بێگومان هۆی سەرهەڵدانی وەها ژانرێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نە شیعر و نە رۆمان (چیرۆک) توانست و هێزی گێڕانەوەی ئەو بابەتەیان نییە کە جیهانی شێرکۆی پێ گەمارۆ دراوە. بۆیە شێرکۆ هەوڵ دەدات بە تێکەڵکردنیان و کەڵکوەرگرتن لە توانستی گێڕانەوەیی هەردوو ژانر رووبەڕووی کارەساتێکی مێژوویی ببێتەوە. مێژوویەک کە واقیعیبوونی لەلایەن ئیمپراتۆریی جیهانی لم و خەونی سامناکی خەلیفە ئیسلامییەکان لەخوێندا دەگەوزێت. لەو نموونەیەی دەقی "ئافات" وەک دەبینین زمانەکە زمانێکی شیعرییە و گێڕانەوەکەش و کارەکتەرەکان و رووداوەکان چیرۆکین. شیعر کە هەموو وزەی زمانی و رەوایی خۆی لە خوازە و مەجازدا خڕدەکاتەوە، یەکێک لەو ژانرە ریواییانە بووە کە بۆ گێڕانەوەی کارەسات و خوێنڕشتن و رووداوە ناواقیعی و سیحراوییەکانی پانتایی مێژوو و واقیع بەردەوام وەکوو ژانرێکی گونجاو و پڕ وزە کەڵکی لێ وەرگیراوە، بەڵام لانیکەم لای شێرکۆ شیعر بەتەنها ناتوانێت رووبەڕووی مێژوویەک لە نەمان و مەرگ و خوێن و ئەتککردن ببێتەوە، بۆیە لەگەڵ رۆمان لێکیداوە و تێکەڵی کردووە بەڵکوو بە فیگۆر و شکڵە جیاواز و تازەکانی گێڕانەوە کارەسات بگێڕێتەوە.

ئەگەر رەهەندی مێژوویی و دیرۆکانەی دەقی ئافاتی شێرکۆ بێکەس چاو لێبکەین، دەبینین کە پێشینەی کوشتن و قڕان و داگیرکردن بە ناوی ئاین و دەقەکانەوە سەربووردەیەکی زۆر کۆنتر و کەونینەتر لەوەی هەیە کە ئەمڕۆ هێزێکی وەکوو داعش لەژێر خەونی ئیمپراتۆری ئیسلامی و بە فیتی ئەردۆغانی خەونبینەکەی دەیکات و کردوویەتی، جێگەی سەرنجە لە مێژووشدا خەلافەتی عوسمانی زۆرترین کوشتوبڕی لە ئێزدییەکان کردووە. کەواتە تێدەگەین شەڕ و خوێنڕشتنەکان بەر لەهەر شتێک شەڕی دەق و تەفسیرە ئاسمانییەکان بوون کە لەسەر زەمین روویانداوە... شەڕی دەق و هێما و نیشانە زمانی و ئایینی و دیرۆکییەکانی دوو جیهانی جیاواز بووە... دوو جیهان کە یەکیان خۆی بە ئاسمانیترین و ئەوی دیکەی بە زەمینیترین زانیوە و بە شیاوی ئەنفال و غەنیمە و کڕین و فرۆشتن و تاڵانکردن. ئێمە وەکوو کورد یادەوەریمان بە کارەسات تەنراوە، بەردەوام لەناو واقیعێکی پڕ لە تراژیدی و کارەساتدا ژیاوین و ئەزموونی کارەسات لەناو رۆحی کوردیدا ئەزموونێکی قووڵە ئەگەرچی لە رووی رەوایی و فامی فەلسەفی و ئۆنتۆلۆژییەوە کاریکی ئەوتۆ نەکراوە، وەکوو شێرکۆ لە ئافاتدا دەڵێت مێژووی ئەتککردنی ناهیدەکانی سەرزەمینی کورد ناگەڕێتەوە بۆ ئێستە و دوو سەدە و چەند سەدە پێش بەڵکوو هەر لە سەردەمی هاتنی شیر و شمشێری لەشکر و خۆڵی بیابان و دەقی ناو سەحرا ئەم کوشتوبڕ و جینۆسایدە بە پاڵپشتی دەق و تەئویلەکانی شمشێر و راڤەکانی خەلیفە دەستی پێکردووە و تا سەردەمی حکوومەتی بەغدا و بەغدادییەکان و ئەنقەرە درێژ بووەتەوە، هەر بۆیەشە شێرکۆ لە دوادێڕەکانی ئەم بەشەی ئافات (ئاوابوون و بوومەلەرزە)دا دەڵێت:

سەد بێشە خووده ئەجووڵێ و دێتە پێشێ/ سەد بێشە پۆستاڵ/ سەد بێشە تفەنگ/ سەد بێشە بەلا و سەد بێشە تاوان ئەجووڵێ و دێتە پێشێ/ ئەمێستاکە بەغدا دۆڵپای هەشتاوهەشتی ئاسنینە/ پێیەکی لەسەر زاخۆیە و ئەویتریان لەسەر بەسرە و مێژووی کۆن و مێژووی تازە قووت ئەدات/ تاعوونێکی نێودەوڵەتی خۆشەویستی سەرزەمینە/ پەتایەکی سپی جوانە/ ئایەتێکی ژەهراوییە و شەرەفێکی پان و پۆڕی ناو کەنداوە و درۆیەکی عەرەبانی پۆڵایینە/ ئەمێستاکە بەغدا غەرقی سیحری نەوتە و کەمندکێشی گشت جیهان و سەرزەمینە...ئافات لاپەڕە ( 44 و45).

ئێمە بەم واقیعە مێژووییە کارەساتبارە گۆش کراوین و راهاتووین... لە دێرزەمانەوە و کێشەی تریش ئەوەیە ئەوەندە ئامادەگی دەقی و زمانیمان نەبووە کە کارەساتەکان بگێڕینەوە و تۆماریان بکەین. ئەگەر چاو لە رووداوەکانی سەدەی بیستەم بەملاوە بکەین، بە سانایی کارەساتەکانمان بۆ دەژمێردرێت. کوشتوبڕەکانی ئەزمیر لە پاش هاتنە سەر کاری ئەتاتورک و کۆماری نوێی تورکیا لەسەر کەلاوەی ئیمپراتۆری عوسمانی، ئەنفال و حەڵەبجە لە 1988، کارەساتی سەردەشت، گوندی قارنا، بارزانییەکان و... هەر کام لەم رووداوانە بارتەقای خیلقەتی ئینسان پرسیار و ترس و دڵەڕاوکێ و گومان و تەنانەت ئیلهامی کارەساتباریشمان دەخاتە بەردەم، بەڵام داخۆ چەند دەق هەیە بە جورئەتەوە و بە هەموو توانستە هەنووکەییەکانی ئەدەبی مرۆیی کە تا ئەمڕۆ بەرهەم هاتووە، توانیویەتی خۆی لەقەرەی گێڕانەوەی ئەو کارەساتانە بدات؟ هەرچەند ئێمە دەتوانین وەکوو دەقی جێگەی سەرنج باس لە هەندێک لە رۆمانـ شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس وەکوو گۆڕستانی چراکان کە بۆ ئەنفال نووسراوە و دەربەندی پەپوولە کە تێمی کارەساتئامێزی حەڵەبجەی تێدایە و ئەو کاتەی کە خۆم باڵندەم (بۆ عومەری خاوەر وەکوو هێمای حەڵەبجە) و ئافات کە کارەساتێکی دوورتر و دیرۆکیتر دەگێڕێتەوە، یان رۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان کە لە بەشگەلێکی زۆردا دەپەرژێتە سەر کارەساتی ئەنفال...یان رۆمانی هێلانەی حسێن عارف... یان شیعری شاعیرانێکی وەکوو رەفیق سابیر، پەشێو، رەزا حەمە بۆ هەڵەبجە و.... هەموو ئەو کارانەی کە لەسەر کارەسات و گێڕانەوەی کارەسات کراون ئەم پرسیارەیان لەسەرە کە چەندە توانیویانە لە ئەزموونی کارەسات و کەسی کوژراوی ناو کارەسات نێزیک ببنەوە و بیگێڕنەوە؟ لە خۆڕا نییە کە شێرکۆ لە پێشەکی گۆڕستانی چراکاندا دەڵێت: ئەو کارانەی تا ئێستە بۆ ئەنفال کراون، بەمەی منیشەوە ناگەنە ئاستی کاریگەری ئەو قیژە و زریکانەی کە لەسەر لێواری چاڵەکان بوون.... بەهەرحاڵ یەکێک لەو بابەتانەی دەشێت کاری جیددی لەسەر بکرێت و خوێندنەوەی فرەڕەهەندی لەسەر ئەنجام بدرێت و دواتریش رەخنە بکرێت، شێوازی گێڕانەوەی کارەساتە لە دەقی کوردیدا، ئەمەش لێکۆڵینەوەی وردی نەتەنها لەسەر دەقە ئەدەبییەکان، بەڵکوو لەبارەی رووداوە مێژوویی و سیاسییەکانی جیهانی کوردیش پێویستە، واتە ئەو شتە کە نێزیکترین وێنا و وانوێنراوە لە واقیع.



**1- شێرکۆ بێکەس، ئافات، ئاوابوون و بوومەلەرزە، ساڵی چاپ2007**

# من ترس ڕۆحی سمیوم

سەباح شێخانی



"من ترس ڕۆحی سمیوم" دوو چاوپێکەوتنی درێژە لەگەڵ نووسەر و شاعیری سووری محەممەد ماغووت (1934-2006) و شوان ئەحمەد وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. کتێبێکی قەبارە مامناوەندییە و لە دووتوێی 106 لاپەڕەی قەشەنگدا چاپ کراوە.

ماغووت لەمیانی دوو چاوپێکەوتنەکەدا، باسی ماجەرای ژیانی خۆی دەکات، ئەو ژیانەی کە ترس و برسێتی نغرۆیان کردووە. ئەوە دەخوێنیتەوە کە ماغووت کەسێکی تووڕە و بێزارە، ترس برینی قووڵی لە دڵ و دەروونیدا دروست کردووە، لای ئەو ترس لە لەدەستدانی ئازادییە، هەستنەکردنە بە دڵنیایی: "ترس ڕۆحی سمیوم و هەموو شتێ دەمترسێنێ." ل 54.

هاوکات بە کورتی ڕاو سەرنجی خۆی لەسەر بەشێک لە شاعیرە ناودارەکانی عەرەب دەخاتە ڕوو، لەوانە: (بەدر شاکر سەیاب، عەبدولوەهاب بەیاتی، مەحموود دەروێش و نزار قەبانی.... تاد).

بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە، بە ترسە شاراوەکانی نێو ناخی شاعیر ئاشنا دەبی، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە لەگەڵ خوێندنەوەی، خوێنەر بەشێوەیەک ئاوێزانی دەق دەبێ: "من مرۆڤێکم ترس تەوقی داوم... ترسم لە داهاتووم هەیە." ل 33.

نووسین گوزارشت لە هەستەکانی مرۆڤ دەکات، وێنەیەکی جوانمان بۆ دەکێشێت، بەرگێکی پاک و بێگەرد دەکاتە بەر ژیان. هەموو کاتێک خۆشەویستی وزەیەکی گەورە بە شاعیران دەدات، تاوەکو تەلاری شیعری خۆیانی پێ جوانتر بکەن: "ژن تاکە شوێنێکە وادەکات باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ببن بە یەک." ل 49. سارتەر دەڵێت: "مرۆڤ هەڵوێستە"، واتە بوونی مرۆڤ پەیوەستە بە هەڵوێستەکانیەوە لە ژیان، هەڵوێست پیشاندانی بەرگی دەرەوەی مرۆڤە، خەڵکانێک هەن بەرگێکی جوانیان هەیە، هەشیانە بەرگێکی ناشرین: "ئەوەی لە مرۆڤدا حەزم لێیەتی و خۆشم دەوێت، هەڵوێستە." ل 41.

هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەوەی مرۆڤ بێدەنگ بێت، دەبێت بەهەر شێواز و ڕێگەیەک بووە، گوزارشت لەوە بکات کە لە ناخیدایە، ماغووت لە سەردەمە تاریک و ناخۆشەکانی جەنگدا ژیاوە: "من شاعیرم لە کۆمەڵگەیەکدا، زۆربەی بەدەست تیرۆر و برسێتی و نەهامەتییەکانی ژیانەوە دەناڵێنن." ل 33.

ژیان بابەتێکە مرۆڤ بەر لەوەی مامەڵەی لەتەکدا بکات و هاوژیانی بکات، دەبێت بیخوێنێتەوە و لێی تێبگات، مرۆڤ پێویستە ڕۆژەکانی تەمەنی لەیاد نەکات، گەرچی گشت یادەوەرییەک مایەی خۆشحاڵی نین: "تەحەدای هەر کەس دەکەم، یەک ڕۆژ زیندانی بینیبێت و بتوانێت لەبیری بکات." ل17.

هەموو مرۆڤێک کە دێتە دونیاوە، زۆری مەبەستە کارێکی گەورە ئەنجام بدات و شتێک بهێنێتەدی، کەواتە هەوڵ بدە ئەو شتە لە خۆتدا بدۆزیتەوە و بە عیشقەوە ئەنجامی بدە، ئەوکات هەم خۆت هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، هەمیش خۆشی بە خەڵک دەبەخشیت، شاعیر بۆ یەک ڕۆژیش لە شیعر نائومێد نابێت: "لەسەر پاکەتی جگەرە دەمنووسی و ڕەوانەی دەرەوەی زیندانم دەکرد." ل 19.

هەڵوێست هاوڕێی شاعیرە و هیچ کاتێکیش بەجێی ناهێڵێت.

لە ماغووتەوە، فێر دەبین چۆک بۆ ژیان دانەدەین. تا ئەو کاتەی بڕیارە بمرین، هەر بجەنگێین، داهێنەری ڕەسەن و ڕاستەقینە لە هەر هەلومەرجێکدا بێت، دەتوانێت بنووسێت.

هەموو مرۆڤەکان لە سەرەتای لەدایکبوونیانەوە ئازاد و یەکسانن، جەوهەری ڕاستەقینەی مرۆڤ، ئازادیە، کەچی وەک ماغووت خۆی دەڵێت، لە هەموو ژیانیدا هەستی بە ئازادی نەکردووە.



تەنیا خوێندنەوەی کتێبە کە نزیکمان دەکاتەوە لە سەرکەوتن، ژیان پێویستی بە فێربوونە، ئەگەر بمانەوێت لە ژیانماندا کەسێکی کارا بین، دەبێ فێر بین و بخوێنینەوە.

من ترس ڕۆحی سمیوم کتێبێکی قەبارە بچووکە، بەڵام ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەندی هەیە، ماغووت دەبێژێت: "دواجار ئەوەی ئاواتی پێ دەخوازم و خەونی پێوە دەبینم ئەوەیە، یەک تاکە زیندانی لە دنیادا نەمێنێ و کەسیش برسی نەبێت." ل4.

لەنێو دێڕەکانی کتێبەوە فێر دەبین، هەموو مرۆڤێک دەتوانێت بەهەشتێک لە وڵات و شار و ماڵی خۆیدا دروست بکات، ماغووت بەیرووتی زۆر خۆشدەویست و تێیدا هەستی بە دڵنیایی دەکرد، لەوێ لەڕێی گۆڤاری شیعرەوە یوسف خاڵ، ئونسی حاج، شەوقی ئەبو شەقرا، ڕەحبانییەکان و سەعید عەقل دەناسێت.

هیچ بەهرەیەک لە وڵاتانی عەرەبیدا بەبێ سزا تێپەڕ نابێت، سەرچاوەی شیعرەکانی ماغووت، ژیانی ڕۆژانەی خۆی بوو، هەوڵیداوە لە کەس نەچێت و ناخی خۆی بنووسێتەوە، باس لە دڵڕەقی ئەو شەقامانە دەکات کە بەشێکی زۆری تەمەنی خۆی تێدا بەسەربردووە.

داهێنەری ڕاستەقینە لەهەر هەلومەرجێدا بێت، دەتوانێت بنووسێت، دەمێکە نیتچە (1844 — 1900) گوتوویەتی: "گەر نووسیت، بە خوێنت بنووسە." کاتێک لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا لە دیمەشقەوە دەچێت بۆ بەیرووت، ماغووت ناچێت بەرەو گۆڤاری شیعر، بەڵکو گۆڤاری شیعر بۆ لای ئەو دێت، ماغووت نموونەی ئەوانەیە کە بە خوێن نووسییان.

# دوو شیعری قاسم تاباک

قاسم تاباک



## هێلیا (1)

......
لە شەڕی سارددایە
نیگات
هێلیا ..
هەرچی ئیمپراتۆرە
ڕۆژێک دەدۆڕێ
ماچ
سەرەتای هەنگاوە بۆ بردنەوە
سەماوەرەکە هەڵکە
هێلیا ..
ئاوارەترینم لە تۆدا
هێلیا ..
ماندووترینم لە تۆدا
هێلیا ..
گەورەترینی لە مندا
دەزانی هێلیا...
گەر مەرگ نەبێ
ژیان دۆڕاوە
دەزانی هێلیا ...
گەر ئاسمان نەبێ
فڕین دۆڕاوە
دەرکە بکەوە
چایەک تێکە
باوەشت بکەوە
چەندە ماندووم
هێلیا
چەندە
ماند
وو
م



## هێلیا (2)

.........
دە ساڵە ونی و
شەو نییە
گڵۆپی ماڵەکەمت بۆ هەڵنەکەم
دە ساڵە ونی
شەو نییە
لە شێعرێکا نەتدۆزمەوە
دە ساڵە ونی و
شەو نییە
لە ماچێکا نەتخوێنمەوە
هێلیا ...
ئەوە منم ئیمان دێنم
بە کارەساتی
سەفەر
ئەوە منم شەو نییە لە سەفەرا
سپیتر نەبم
مەرگ
شەرمەزاری خۆشەویستییە
هێلیا ...
فێرم مەکە
فێری سەفەری بێ گەڕانەوەت بم

فێرم مەکە
فێری دادانەوەی پەردەی پەنجەرەکان بم
بێ بەلاّ بی هێلیا
کێ
فێری ئەو هەموو چوونەی کردی

ئێستاش
بیست و پێنجەکانی هەموو مانگێ
چاوەڕێی گواستنەوەمان دەکەن

هێلیا ...
هێلیا
ڕوودارم مەکە
دەست لە هەچی چاوەڕوانییە
هەڵێنمەوە

......................
مەهاباد